www.kurdistannet.org
15-2-2007 21:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ هێنانەدی پارتێکی نوێ هەول ئەدەین ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

27-ڕێبەندان-2706ك

لەوماوی ئەوچەندسالەدا کەکوردوستانم بەجێ هێشتووەو بومەتە مرۆڤێکی کۆچەری لە و وولاتەی پەناهەندەیم تیا وەرگرتوە وە لەبەر بێ ئارامی و دوور لە هەردووداکم؟ یەکەم دایکی گەورەم کوردوستان دووهەم ئەودایکەی ژیانی خۆی تەرخان کردبوو شان بەشانی باوکم بۆ پەروەردە کردنمان وە ئیستاش بەهۆی ناهەمواری ژیانەوە کوردوستان و ئەو فریشتەیەمان بەجێ هێشتوەو کەلەم کاتەی تەمەنیا بە ئاوارەی بەبێ سۆزی کورەکەی و بەبێ وەژنی ژیان ئەباتەسەر، وەئێمەش لێرە ئەوەنەبێ زۆر لە ژیانێکی پرئاسودە بژین بەهۆی دوریمان لەکوردوستان، وەلەبەر بێ ئارامی وە چونکە ئەم وولاتەی تیا ئەژین ئەو خاکەنیە کەتیا گەورەبووین و چاومان تیاکردۆتەوە بۆیە بەوولاتی خۆمانی نازانین وەك کوردوستان بەڵام لەگەل ئەوەش دا پەیرەوی هەموو یاساکا نیان ئەکەین پەیوەندیمان لەگەلیان بەستوە لەگەل ئەوەی ژیان رۆژانەمان بەرێ وەئەچێ بەبێ هیچ کەم وکوریەکی ژیان هەروەك خۆیان بەڵام لەگەل ئەوەش دا زۆر بێ ئارامین ئەتوانم بلێم زۆرینەی کورد لە هەندەران لەوەتی کوردوستانی بەجێ هێشتوە چەند خانویەکی گۆریوە ئەمەش ئەگەرێتەوەبۆ بێ ئارامی ئەو کوردانەوە دل لەلای کوردوستانن. کەچی کورد لەکوردوستان نەپەناهەندەن وەنە دەسەڵاتدارانی کوردوستانیش هێنراوی وولاتێکی بێ گانەن کە بەو شێوەیەی ئیستا وولات ئەبەن بەرێوەو بێجگە لەکۆمەلیك کەسانێك کە لە دەوریان کۆبونەتەوەو کەس و کارەکانیان هیچ ئاگاداریەکیان نیە لەژیانی هاووڵاتیان وائەزانن هەمووکوردوستانیان لە ئوتێلە 5 ئەستێرەکانی کوردوستان ئەژین و بەبێ ئەوەی هەست بەسەرماو گەرمابکەن بە نۆێ ترین مۆدێلی ئۆتۆمبێل هاتوو چۆی ئەوبازارانە ئەکەن کەلە کەنالە کوردیەکانی ناو کوردوستانی باشوور ریکلامەی بۆئەکەن. ؟وەمنیش وەك هەمووکوردەکانی دوورلەکوردوستان لە دوای سالی 2002 دووکەرەت گەراومەتەوە بۆ کوردوستان کەجاری یەکەم بارودۆخی کوردوستان زۆر لە خراپیدابوو وەزۆرینەی کەس وکارو برادەرانی نزیك بەوکوردانەیاخود بەوخێزانانەی ئەگەرانەوەبۆ کوردوستان چەند جارێك ئەهاتنە پێش وازی کردن ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە زۆرکەس چاوەروانی ئەو یارمەتیانە بوون کەلە دەرەوەی کوردوستانەوە بۆیان ئەهات بۆ دابین کردنی ژیانی رۆژانەیان لەبەر کەم دەرامەتی و باری سەختی ژیان بوو، وەلەسالی 2004دوای نەمانی رژێمی بەعسی فاشست جاری دووهەم گەرامەوەبۆ کوردوستان بەڵام ئەم جارە هەرچەندە باری ئابووری هاوڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی نەگۆرابوو بەڵام جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەلایەن گەلی کوردوستانەوە ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ نەمانی دیکتاتۆر و ئومێدیان بە پاشەرۆژێکی رووناك هەبوو بۆگەلی کورد. بەڵام رۆژانە ئەو هەواڵانەمان ئەبیست کە باری ئابووری و سامان و ژیانی لێپرسراوان و دەسەڵاتداران و خزم وکەسەکارەکانیان تابێ رووله باشتر ئەکات و کەس ناتوانێ براوردی ئەو سامان و مولکانەیان بکات لەگەل ئەو دەرامەتانەی وەریان گرتوە و وە ئەگەر بهاتایەو لەورۆژەی لەدایك بوون هەتائیستا ئەو پارەو مووچەو بازرگانیانەی کەکردویانە تەنها یەك (دینار) یاخود ئەودۆلارەی ئیستا هەیانە رۆژی یەك سەنتیان لێ خەرج بکردایە بۆ دابین کردنی ژیانی رۆژانەیان نەئەبوونە خاوەن ئەو سامانەی ئیستا هەیانە. وە گەر بروانینە زۆرینەی دانیشتوانی کوردوستان ئەبینین لەژیانێکی کولەمەرگیدا ئەژین واتە رۆژێ ژیان و سەد رۆژ مردن ئیتر ئەوەندە باسی کوردوستانم بیست وەلە سایتە کوردیەکاندا ئەوەندە نوسینی کوردوستانیانم خوێندەوە لەلایەکی تریشەوە لەکەنالەکانی کوردوستانەوە ئەوەندەم ئەبینی بەوێنەی ئەوکامیرانەی لەلایەن لێپرسراوەکانەوە گیرابوو وەپەخشیان ئەکرد و و باسی چۆنێتی ژیانی کوردوستانیان ئەکردو کەبوە بەچ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردوستانێك وەك بەهەشتێکی سەر رووی زەووی؟ بۆیە بریارم دا ئەم جارە سەردانێکی کوردوستان بکەمەوە. وەلەگەرانەوەم دا بەفرۆکەلە ئەلەمانیاوەگەیشتمە فرۆکە خانەی هەولێری نێودەولەتی وەویستم بەرەو شاری سلیمانی بگەرێمەوە پرسیاری تەکسیەکم کرد کەیەکسەر بم گەیێنێتە سلیمانی خاوەن تەکسیەکم لێ پەیدابوو تەمەنی زۆر نەبوو ووتی مامۆستا فەرموو جانتاکەمی خستە سندوقی دوای سیارەکەوە وەسەرکەوتم لەگەلیدا بەلام بە قسەکانی دا زانیم خەلکی شاری هەولێرە ئیتر پێم ووت ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەتوانین برۆین نانێکی هاکەزایی بخۆین لە چێشتخانەیەك کە بەرێزت بیناسێ وخواردنەکەی باش بێ فەرمووی مامۆستا ئەوەندە متعەمی چاك کراوەتەوە لەئەورووپاش دانیە بەلام خواردنەکەی هی ئێمەمانان نیە ئەگەر جەنابت حەزدەکەیت ئەت بەم بۆ ئەو شوێنە منیش پێم ووت جەنابم حەزناکات بچێت بۆ ئەو شوێنانەی کە خواردنەکەی ناچێتە ناو گەرووی هەمووکوردێکەوە ئەو شوێنە هەر پیرۆزی ئەوانەبێ کە خاوەن سامانن. بەهەر جۆرێ بوو چووین بۆ چێشتخانەیەکی مام ناوەندی نانمان خواردوو. لەدوای دا ووتی مامۆستا ئەمەوێ بەرێزت بناسم بۆئەوەی هەندێ پرسیارت لێ بکەم وەکاتیش بەرەو شەوئەروات ئینجا گەر حەز ئەکەیت لێرە بمێنی تەوەو بەیانی لەگەل ملابانگ دان دا بەرێئەکەوین؟

لەراستیدا من تۆزێ شلەژام نەم زانی ئەم کابرایە بۆ وای پێ ووتم؟کابرا سەیری کردم وتی مامۆستا ئەلێی حەپەساوی بەقسەکەم من هیچ مەقسەدێکم نیە بەس ئەوەنەبێ وەك برایەکی خۆت هەندێ قسەهەیە ئەمەوێ پێت بلێم هەندێ وەعزی کوردوستانت بۆ باس بکە بە سفەتێ من سائق و زۆر جێگا گەراوم و بەهۆی کارەکەمەوە زۆر کەسم ناسیوەو زۆر سەرگوروشتەی سەیرم لایە وەبۆیە ئەمەوێ بۆتی باس بکەم بەلکوکەگەرایتەوە بۆ خارج لەگەل ئەوکەسانەی کەشت ئەنوسن یاخود وەك ئەلێن لەلای ئێوە هەمووکەسێك بۆی هەیە باسی لە خراپەی دەسەلات بکات و دەمی بگاتە لێپرسراوان بۆ چارەسەرکەدنی وەعزی ژیانی ئینجا بزانم ئەمەراستە یان نە و وە براوردێکم بۆبکەیت بۆئەوەی منیش بلێم..........

لەرۆژی داهاتوودا ئەوەتەواوئەکەین کە برای شۆفێر فەرمووی چی

Halo951@gmail. com
هۆلندا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.